# فەزڵی دەشـەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان

[ بە کوردی ]

فضل عشر الأواخر من رمضان

[ باللغة الكوردية ]


نوسـینی: پشـتیوان سـابیر عەزیز

الكاتب: بشـتيوان صابر عزيز



نوسـینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشـیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# فەزڵی دەشەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان

خوشەویستان: وەکو بیر خستەوەیەك پێم خۆشەئەم بابەتەتان پێشکەش بکەم، چونکەپەیوەندی بەکارێکەوەهەیەئەگەر خوای گەورەخاوەنەکەی تەفیق بدات، ئەوەپاداشتێکی زۆر گەورەی دەست دەکەوێت، کارەکەش تەنها لەماوەی دەرۆژدا دەبێت ئەنجام بدرێت، خوای گەورەدەفەرموێت:{وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ } (القصص:68) .

خوای گەورەئەم دەشەوەی هەڵبژاردوەلەمانگی ڕەمەزاندا و، تایبەتی کردوەبەئەجرو پاداشتێکی زۆر، دەبا هەموومان ببینەکرێکارێکی ماندوو نەناس ، وە کارکەبەجوانترین شێوەو، بەدڵسۆزیەوەئەنجامی بدەین، چونکەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم زیاتر خۆی ماندوو دەکرد لەم دەشەوەدا، دایکی ئیمانداران عائیشەـ خوا لێی ڕازی بێت _ دەفەرموێت: كان رسول الله صلى الله عليه وسلم (( يجتهد في العشر الأواخر ما لا يجتهد في غيره )) رواه مسلم .

وەئەو شەوانەی زندوو دەکردەوەبەجۆرەها بەرستش، وەکو نوێژ و زیکر و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ، دایکی ئیمانداران عائیشەـ خوا لێی ڕازی بێت _ دەفەرموێت:: (( كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا دخل العشر أحيا الليل ، وأيقظ أهله ، وجَدَّ وشد المئزر )) رواه مسلم .

وەخێزانەکانی هەڵدەسان بۆ ئەوەی ئەو شەوانەزیندوو بکەنەوەبەنوێژ و زیکر، ئبنو رەجەب ئەفەرموێت: " ولم يكن النبي صلى الله عليه وسلم إذا بقي من رمضان عشرة أيام يدع أحدا من أهله يطيق القيام إلا أقامه ".

وەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەم دەشەوەدا دوور دەکەوتەوەلەجوود بوون لەگەڵ خێزانەکانی، وەبەردەوام دەبوو لەسەر مانەوەلەمزگەوت تا وەفاتی کرد، لەسەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتوە، لەدایکی ئیماندارانەوەعائیشەـ خوا لێی ڕازی بێت ـ (( كان يعتكف في العشر الأواخر من رمضان حتى توفاه الله ، ثم اعتكف أزواجه من بعده )).

ئەمەهەمووی لەبەر ئەوەیەبەتەواوەتی کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ پەرستش و، دوور بکەوێتەوەلەهەموو ئیش و کاری دونیا و، بۆ ئەوەی ئەو شەوەپیرۆزەی دەس کەوێت، کەپاداشتەکەی گەورەتر و چاکترەلەکارکردنلەماوەی هەزار مانگ، خوای گەورەدەفەرموێت:{ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ } (القدر:3) .

لەو شەوەدا خوای گەورەئەندازەی ساڵی داهاتوو دەكێشێ لەدانی ڕزق و ڕۆزی و مردن و ئەجەل، خوای گەورەدەفەرموێت:{فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ } (الدخان:4) .

وەخوای گەورەزانینی کاتی ئەم شەوەی شاراوەکردوەلەسەر بەندەکانی، بۆ ئەوەی زیاتر پەرستش بکەن و، کاری زیاتر بکەن .

خۆشەویستان: ئەو شەوەگەورەیەلەدە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزانە، بۆیەجێی خۆیەتی کەوا هەوڵ و کۆششی خۆمان زیاد بکەین لەو دەشەوەدا لەشەو نوێژ و قورئان خوێندن و زیکر و دوعا کردن، بەتایبەت ئەو دوعایەی کەخۆشەویستمان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فێری عائیشەی دایکی ئیماندارانی کردوەلەو شەوانەدا بیڵێیت، کەبریتیەلەم دوعایە :(( اللهم إنك عفو تحب العفو فاعف عني ) ) رواه أحمد وغيره.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين